


## بانگەواز

# بەرەو "سەدەی زیرەک"

"سەدەی زیرەک" ناوی پرۆژەیەکە، کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٠٦/٢٦ ەوە دەست پێدەکات و ڕۆژی ٢٠٢١/١١/٢٩ (سەدساڵەی حەسەن زیرەک) دەگاتە ئەنجام.

مەبەستی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان، وەک دەستپێشخەری پرۆژەکە، تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاریی ڕاست و باوەڕپێکراو سەبارەت بە ژیانی تاکەکەسی، بنەماڵەیی، کۆمەڵایەتی و هونەریی هونەرمەندی ناوداری کورد حەسەن زیرەکە، لە ڕێگای نووسین و گوتن و لێکۆڵینەوە، هەروەها فیلم و شێوەکانی تری ڕاگەیاندنە گشتیەکانەوە.

مخابن لە سەر ژیان و بەرهەمەکانی زیرەک و کەسایەتی ئەو، گەلێک شتی ناڕاست گوتراوە و دەگوترێت. هەڵوەژاردنی هەموو ئەو بابەتانە و لە بێژنگدان و ساغکردنەوەیان کارێکی دژوارە. هیوای ئێمە وەک پێشنارکارانی ئەو پرۆژەیە ئەوەیە کەسانی شارەزا و لێزان بۆ دەرخستنی ڕوخسار و شوێنی ڕاستەقینەی زیرەک لە بەستێنی مۆسیقا، ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردیدا بەشداریی ئەم پرۆژەیە بکەن.

مەبەست لە پرۆژەکە ئەوە نییە، وێنەی دڵخواز و بێگەرد و دوور لە ڕەخنە لە زیرەک بکێشرێت. زیرەک مرۆڤێکی ئاسایی کورد و بەرهەمی کۆمەڵگایەکی پڕ لە ناکۆکیی کوردستان بوو، ئەو ناکۆکییانە لە ژیان و بەرهەمە هونەرییەکانی ئەودا ڕەنگیان داوەتەوە. هەر هەوڵێک لە پێناو ڕوونکردنەوەی کەسایەتی زیرەک و کۆمەڵگا و سەردەمی ئەو و بەرهەمە هونەرییەکانی، لەم پرۆژەیەدا جێگای دەبێتەوە. هیچ بەربەستێک لە سەر ڕێگای شێواز و ناوەرۆک ی نووسین و شێوەی هەڵسەنگاندنی هیچ کەسێک لە ئارادا نابێت، تەنیا مەرج سەلماندن و ڕاستگۆیییە.

پرۆژەی "سەدەی زیرەک" بەو هیوایە دانراوە کە لە بواری جیاوازی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، موسیقایی، زمانی و ئەدەبی هەروەها ناساندنی کتێب و سەرچاوە، بەڵگەنامە، فیلم، وێنە، بەرنامەی ڕادیۆ یان تەلەفیزیۆندا توێژینەوە و ڕاگەیاندنی زانستییانە سەبارەت بەو هونەرمەندەی کورد بەڕێوەبچێت و بکەوێتە بەردەم کۆمەڵانی گەلەکەمان و خەڵکانی بیانیش. ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان ئالیکاریی هەموو چەشنە پرۆژەیەکی پەیوەندیدار دەکات، لەوانە پێکهێنانی سمینار، چاپی کتێب، چێکردنی کورتە فیلم و بەرنامەگەلی هونەریی بۆ ڕادیۆ و تەلەویزیۆن. هیوای ئێمە بە تایبەت

ئەوەیە فستیوالّی سەدەی زیرەک لە شاری بۆکان و شارەکانی دیکەی کوردستان و دەرەوەی وولّات بە هاوکاری دام و دەزگا مەدەنییەکان و تاکی شارەزای بواری هونەری بەرێوە بچێ، بۆ ئەوەش ماڵپەرِی رۆژهەڵات-بۆکان ئامادەی هاوکارییە. هەروەها ئێمە ئامادەی هاوکاری هەموو سایت و وێبلۆگە ئینترنێتی و لاپەرەکانی فەیسبووکی گرووپ و تاکی کوردی دەبین لە ناوخۆ و دەرەوەی وولّات.

ئێمە هەروەها هیوادارین دامو دەزگا هونەری و کەلەپوورییەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی وولات و زانکۆ و وەزارەتخانەکانی پەیوەندیدار لە ناو حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە دەنگی ئەم بانگەوازەوە بێن و لە بواری راگەیاندنی بابەتەکە و بەرێوەبردنی سمینار و فستیڤالّ لە باشووری وولّات، رێز لەو بۆنە گرنگە و یادەوەریی سەدساڵەی ئەو هونەرمەندەی کورد بگرن.

لە هەموو شارەزایانی بواری مۆسیقا و هونەر و مێژوو داوای هاوکاریی دەکەین. هەر بابەتێکی نووسراو و پێشنیار و رێ پیشاندەرییەکتان هەبێت، لەسەر ئادەرەسی ماڵپەرەکە بۆمانی بنێرن. راستە دەستەی نووسەرانی ماڵپەرەکە و گرووپێکی سێ کەسی ئەرکی بەرێوەبردنی ئەم پرۆژەیان لە ئەستۆیە، بەلّام ئەوە بازنەیەکی داخراو نییە و لەو بوارەدا بە پێشوازی هەموو کەسێک و ئیدە و پێشنیار و هاوکارییەکەوە دەچین و دەستی هاوکارییان دەگوشین.
بەو هیوایەی لە کۆتایی پرۆژەکە، واتە مانگی سەرماوەزی ساڵی ٢٠٢١ دا فستیڤاڵی سەدەی لە دایکبوونی زیرەک لە سەر گردەکەی قەڵای سەردارو داوێنی نالّەشکێنەی شاری بۆکان و زۆر شوێنیتر بەرێوە بچێت.

www.bokan.de +++ www.rojhalat.de redaktion@rojhalat.de

<u>سپاسی زۆری گشت ئەو تاک و لایەن و مێدیا و دام و دەزگایانە دەکەین کە یارمەتی بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە دەدەن.</u>

ماڵپەرِی رۆژهەڵات – بۆکان، بەهاری ساڵی ٢٠٢٠

